بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٠٤) لە ٢٠٢٣/٣/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢٣/٣/١٥ سەبارەت بە پەسندکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ هەر سێ ساڵی دارایی (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)، و جێبەجێکردنی ماددە و برگەکانی دوای پەسندکردن، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی شاندی دانوستانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لیژنەی دارایی و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران لە پێناو پەسەندکردنی ماددە و برگەکانی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم بێت و زەمانەتی ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

٢. ڕاسپاردنی (سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی پلاندانان، دیوانی چاودێری دارایی هەرێم) بە مەبەستی ئامادەکاریکردن و دیاریکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی برگە و ماددەکانی بودجەی فیدراڵ دوای پەسەندکردن و کەوتنەبواری جێبەجێکردنی.

٣ ڕاسپاردنی گشت وەزارەتەکان بە هەماهەنگیی هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و پلاندانان بە جێبەجێکردنی برگە و ماددەکانی بودجە و ناردنی (میزان المراجعة) مانگانە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٤. شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێم و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕێگای فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەنجومەنی وەزیران لە بەردەوامبوون و ئاستەنگەکان ئاگادار دەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران